# بەرگری لە فەخرەدین تاهیر, بەرگرییە لە ئازادایی رادەربڕین!

بەشدار عەلی
Bashdar_net@yahoo.com

مامۆستا فەخرەدین تاهیر, نوسەر و رۆژنامەنوس و دەرچویی ئەکادیمیایی رۆژنامەگەریی لە ولآتی سوید و مرۆڤێکی ئازادیخواز و خاوەن ویژدان لە شەوی 19 لەسەر 20 ی 4ی 2007 لە کاتی سەردانی بۆ لای چەند هاورێیەکی لە بەر دەرگای یانەی نوسەران لە تێو شاری هەولێر لەلایەن کۆمەلێك گەندەڵ و کۆنە بەعسی بە توندترین شیوە هێرشی دەکرێتە سەری و زامدار دەکرێت و دەگوازرێتەوە نەخۆشخانە.تاوانی فەخرەدین تەنها ئەوەیە کە لە چەند مانگی رابردوی لە کوردستاندا پەردەیی لەسەر گەندەڵی و دزی و راوڕووتی بەرپرسان و رابردوویی پر شەرمەزارییان هەڵداوەتەوە و زۆر راستگۆیانە لە دەزگاکانی راگەیاندن بە بەڵگەوە باسی کردوون,مامۆستا فەخرەدین لە نوسینەکانی تەنها باسی بەشێکیژیانی رۆژانەی واقعی خەڵکی کوردستان کردووە کە ئەم خەڵکە لە چ وەزعیەتێکا ژیان دەگوزەرێنن و مەترسیەکانی روون کردۆتەوە.

ژیانی شاهانە و فیرعەونانەی بەشێکی کەمیخەڵك لە کوردستان رۆژ لەدوایی رۆژ لە بەرزبونەوەیەو بەشی هەرەزۆری خەکی کوردستانیش لە بێکاری و بیخانە و لانەی و برسیەتی کوێرەوەری دەناڵێنن وبەدەست نەبونی سەرەتاترین پێداویستیەکانی ژیان دەناڵێنن و دوچاری سەدان کێشەی دەروونی و کۆمەلأیەتی هاتوون . هیچ کەسیش بۆی نیو بلێ ئەم ژیانە بۆ ئاوایە و نابێت ئاوابێت؟!

لەم مەملەکەتەی ئیمە ئەوەی مانایی نەبێت و گرینگی نەبێت لای دەسەلأتداران ریز و حورمەتی مرۆڤ و رۆژانە بە هەزارو یەك ریگا و شیواز مرۆڤەکان ئیهانە و سوکایەتیان پێدەکریت وکار لەسەر بێ ئیرادەیی و کۆیلەیی یەخسیر کردنیان دەکرێت دەزگایەك نیە خۆی بەرپرس بزانێ لە بەرامبەر پاراستنی ریز و کەسایەتی مرۆڤەکان .رۆژانە دەزگاکانی راگەیاندنی حیزبە ئیسلامیەکان هێرش دەکەنە سەر خەڵك و ماف و ئازادیەکانیان و بێریزیان بەرامبەر دەکەن, بەلأم چونکە کارو کردەوەکانیان بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەپارێزێ ,پێیان ناڵێن لە پشت چاوتان جوتێك برۆ هەیەو گەورترین پشتگیری دەکرین و سامانی خەڵکیان دەخەنە ژیر دەست.

لە کوردستاندا تاکو ئیستا یاسایەك نیە کە مافە فەردیی و مەدەنیەکان بەرەسمی بناسێت و دیفاعی لێبکات, چونکە لە کوردستاندا دەسەلأتی میلیشیایی زاڵە یاسای دارستان پەیرەو دەکرێت و ئازادی و سەروەری یاسا و مافی مرۆڤ , تەنها وێردی سەر زوبانە و بۆ سەرکوتی خەڵك و نەیارەکانی خۆیان بەکاری دەهێنن, ئەگەرنا لەماوەی یەك سەعاتدا کە پەلاماردانی مامۆستا فەخرەدین دەبوابە زیندانی بکرانە کە لای هەمووەمان ئاشکرا و دیارن کێن بەم کارە هەڵساون و ناونیشانی تەواو لای دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش هەیە.

بیگومان نارەزایەتی و گلەیەکی زۆر سەراسەری کوردستانی گرتۆتەوە و منالّ و پیر و پەککەوتەو گەنج و لاو قوتابیان و کریکاران و فەرمانبەران و شۆفێران و دەستفرۆشان.....هتد. لە کارو کردەوی ئەم بەرپرسە گەندەلأنە نارازین و کاتێکیش خەلّك و رۆژنامەنوسان تەنها رووداوەکان وەکو خۆیی بگوازنەوە, ئیتر هستریا دەیانگرێت و پەلاماریاندەدەن.

ئەم گوزەرانە ئاوا ناچێتە سەر و لێدان و زیندانی سوکایەتی رۆژنامەنوسانیش دەبێت هەلوەستەی لەسەر بکرێت و تالأن وبرۆیی ئەم بەرپرسانەش ئاوا پەردەپۆش ناکریت. بە هێزو ئیرادەیی و یە کگرتویمان دەبیت ئەم پلان و هەرەشانەش ناکام بکەینەوە .کاتێك بەشدار و نەبەز و رزگارو رەحمان و فەخرەدین و بەختیار ........هتد.بە گولّە و ئاسن وەلأم دەدرێینەوە ئەو کاتە شەو نخونی و ماندوبونەکانمان زیاتر کردووە زیاتر دەکەین,چونکە دلنیاین کاتێك دلّی گەندەلّ و بەعسیەك و جاسوسێك دەرەنجێ,ئەو کاتە توانیومانە دلّی منالّێکی برسی خۆش بکەین, لاوێکی یاخیمان بە دەنگ هیناوە و وزەمان پێ بەخشیوە,ئومیدمان لە دلّی پیرك دورست کردووە. هەر ئەمەش ئاماجی ئیمەیە .

جاریکی ترش دەبێت هەمومان بەرگری لە فەخرەدین تاهیر و سەرجەم رۆژنامەنوسان بکەین بۆ گەیشتن بە ژیانێك کە شایەنی ئینسان بێت و ئازادی رادەڕبرین و مافە فەردی و مەدەنیەکان ,بە یاسا بە چەسپێنین.